بیبلۆگرافیای کوردستان



لە چاپەمەنییەکانی

ئەڵمانیا و وڵاتانی ڕۆژئاوا

ئا:یووسف ئەحمەد مەنتک

21937

هەولێر – ٢٠١١

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library



وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ وبڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: بیبلۆگرافیای کوردستان لە چاپەمەنییەکانی ئەڵمانیاو وڵاتانی ڕۆژئاوا

نووسینی: یووسف ئەحمەد مەنتك

بەرگ و ناوەڕۆك: تانوپۆنارت

چاپی یەکەم – چاپخانەی رۆشنبیری/ هەولێر – ٢٠١١

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٤٥٢) ساڵی(٢٠١١)ی پێی دراوە

★ مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە
★ ئەم کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە
www. Kurdchap. Com

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

بیبلۆگرافیا نێستا لەنێو هەموو بوارێک سوودێکی زۆری لێوەردەگیرێت. بەتایبەت لەنێو زانکۆکان، چونکوو بیبلۆگرافیا کارناسانییەکی زۆر بۆ هەر لێکۆڵەرێک بۆ دۆزینەوە و گەڕان بەدوای سەرچاوەکان دەکات. هەروەها کەلکێکیتری بیبلۆگرافیا پاراستن و هەڵگرتنی ناوی ئەو سەرچاوانەیە کە بۆ دواڕۆژ سوودیان دەبێت. دەمێکە بیری کۆکردنەوە و دەستنیشانکردنی ئەو سەرچاوە بیانیانەی کە باسی کورد و کوردستانیان لە هەموو لایەنێک کردووە لە مێشکدا گینگڵ دەدات. ئەم هەوڵانە لەنێو نووسەرانی کورد تاک و تەرا بوونیان هەیە. لێ لەبواری دروستکردنی بیبلۆگرافیا دەکارێت لە نێستادا بێڕین لە هەنگاوەکانی سەرەتادایین. ئەوەی زێتر من جەغتی لێدەکەمەوە ئەو چاپکراوانەن لەسەر میللەتی کورد بە زمانەکانی ئینگلیزی، فڕەنسی، ئەڵمانی...تاد چاپ و بڵاوکراونەتەوە. ئەوەی تا نێستا جێی نیگەرانییە، ئەوەیە زۆر ڕۆشنبیر و نووسەرمان هەن، کە لە ئەورووپا دەژین، تەنانەت هێندێکیان لەزانکۆکان مامۆستای وانەبێژن، شارەزان لە یێک، یان دوو زمانی ئەورووپی، کەچی تا نێستا هەوڵێکی جددیمان نەدیوە بۆ گەڕان و دۆزینەوەی ئەو چاپەمەنیانەی لەبارەی کوردەوە نووسراون، تەنێ چەند کەسێک نەبێت کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن کە بە زمانە ئەورووپییەکان لەبارەی کوردەوە بەرهەمی چاپکراویان بڵاوکردۆتەوە. هەوڵی (فەرهاد پیربآڵ) بۆ دۆزینەوەی ئەرشیفی کورد جێی بایەخە. چونکوو ئەوەندە ئەرشیف و دەستنووسمان لە ئەرشیفخانە و کتێبخانەکان هەن، کە گەواهیدەری دەوڵەمەندی کەلتوور و ئەدەبیات و زمانی کوردین. لێ ئەوەی بەلای منەوە جێی پرسیارە، بۆ تا نێستا گەڕانێک، هەوڵێک بۆ بە بیبلۆگرافی کردنی ئەو چاپەمەنیانەی کە لەبارەی کوردەوە چاپکراون بوونی نییە.

من لەو کاتەوەی لە ناوەڕاستی ئەوەدەکانەوە لە ئەورووپا تاراوگەنشینم، هەوڵێکی لەو جۆرەم لەمێشکدا بوو، بۆیەیش هەمیشە لەگەڕانێکی بەردەوامدابووم، ئەمە بەرهەمی هەوڵی چەندین ساڵمە، بابەتەکانیش بە شێوەی کتێب، ڕاپۆرت، وتار و لێکۆڵینەوە و نێکست لە گۆڤارەکان، دیکۆمێنت و گەشتنامەی خۆرئاواییەکان بۆ کوردستان و ناوچەکە. زۆربەی چاپکراوەکانیش لە کتێبخانە و ئەرشیفخانەکانی ئەڵمانیاو ئەورووپادا پارێزراون. بابەتەکانیش سەرجەم بوارەکانی: کولتووری، جوگرافی، سیاسی، ئابووری، مێژوویی، کۆمەلایەتی، ئایینی، چەند بابەتێکی تری گشتیش کە پێوەندی بەژیانی کۆمەڵی کوردەواریەوە هەیە.

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ئەم هەوڵەی من زیتر بۆ ئاگەداربوونی خوێنەر و خوێندکاری کورده لەو چاپکراوانە، چونکوو ئەو چاپکراوانەی لێرە ناویان هاتووە، چاپکراوەکانی سەدەی هەژدەتاکوو ڕۆژانی ئێستا لە ئەڵمانیا و وڵاتانی خۆرئاوا دەگرێتەوە، ئێمە هەوڵی ئەو نووسەرە کوردانەی لە یێکێک لە وڵاتانی ئەورووپا نیشتەجێن و بەزمانی ئەو وڵاتە لەبارەی کوردەوە نووسیوانە بەرز دەنرخێنین، و بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەوانیش ناماژەیان بۆ کراوە، نووسەری وەکوو: کامەران بەدرخان، جەلادەت بەدرخان، د. عسمت شەریف وانلی، پ. د. جەمال نەبەز، د. کەمال فواد، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، د. ئەجاتی عەبدوڵڵا، نامۆ عزیز، ڕۆمانتووسی ئەڵمانی بەڕەچەڵەک کورد شێرکۆ فەتاح، د. زەردەشت حاجۆ.

پێشتر چەند هەوڵێک بۆ بەبیبلۆگرافی کردنی چاپکراوی کوردی دراون وەکوو: مستەفا ئەریمان، هەوڵی شوان سلێمان یابە لەبواری بیبلۆگرافیا بەناوی ڕێبەری بیبلۆگرافیە کوردییەکان ١٩٣٧_ ٢٠٠٥ و هەوڵەکانی تری.هەروەها کتێبی ئیسماعیل ئەنیا بەناوەکانی: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کوردی ١٩٧٥ _ ١٩٩٣،چاپی ١٩٩٨ هەولێر. ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئەڵمانیا ١٩٦٣ _ ٢٠٠٦ چاپی ٢٠١٠ هەولێر. کتێبی فەخرەدین تاهیر بەناوی ڕۆژنامەی کوردستان سۆفیەت چاپی ٢٠٠٦ هەولێر، هەوڵەکانی نووسەرو ڕۆژنامەنووس ئەوزاد عەلی ئەحمەد لەبواری ساغکردنەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، بەرهەمێک کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت دکتۆر جەمال خەزنەدار نووسراوە بەناوی ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردی ١٨٩٨ _ ٢٠١٠، ئەلف چاپی ٢٠١١ هەولێر. کتێبەکانی تایبەت بە ڕۆژنامەگەری کوردی بێجگە لە زمانی کوردی ئەو بەڕێزانە زۆر و کەم لەنێو هەوڵەکانیاندا زۆر گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی کوردیان بەزمانەکانی: ئینگلیزی، ئەڵمانی، فرەنسی، ڕووسی، تورکی، فارسی وعەرەبی ... تاد ساغ کردۆتەوە.

بۆ هەر چاپکراوێکیش ناوی کتێب، ناوی نووسەر، چاپخانە، ساڵی چاپ، قەبارە و ژمارەی لاپەڕەی کتێب، ناوی ئەو شوێنەی لێی هەڵگیراوە، کۆدی چاپکراوەکە لەو شوێنە، و هەر زانیاریەکیتریش کە پێویست بووبێ لەبارەی چاپکراوەکە نووسیومانە، ئەوەتری کە دەمێنێتەوە دەکەوێتە سەرشانی ئەو کەسەی بەدووی ئەو چاپکراوەدا دەگەڕێت، کە ئەئ چوونییەتی بۆ ئەو شوێنە.

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

لە کۆتاییدا دەخوازم ئەم پرۆژەی ئێمە سەرەتایێک بێت، بۆ کۆکردنەوە و بە بیبلۆگرافی کردنی هەموو ئەو چاپکراوانەی لەبارەی کوردەوە بەزمانانی بیانی نووسراون، ببێتە مۆدێلێک بۆ گەڕان و دۆزینەوەی هەرچی چاپکراوێکە کە پێوەند بێ بە کلتوور و ئەدەب و زمانی کوردی، بۆ پاراستنیان لە فەوتان و ئاشناکردنی نەوەی ئایندە بەو سەرچاوانە، چونکوو ئەمانە میژوون و پاراستن و کۆکردنەوەیان ئەرکی هەموومانە.

یووسف ئەحمەد مەنتک- ئەڵمانیا

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library



من لەو کاتەوەی لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە لە ئەروپا تاراوگەنشینم، هەوڵێکی لەو جۆرەم لەمێشکدا بوو، بۆیەیش هەمیشە لەگەڕانێکی بەردەوامدابووم، ئەمە بەرهەمی هەوڵی چەندین ساڵمە، بابەتەکانیش بە شێوەی کتێب، ڕاپۆرت، وتار و لێکۆڵینەوە و تێکست لە گۆڤارەکان، دیکۆمێنت و گەشتنامەی خۆرئاواییەکان بۆ کوردستان و ناوچەکە. زۆربەی چاپکراوەکانیش لە کتێبخانە و ئەرشیفخانەکانی ئەڵمانیاو ئەروپادا پارێزراون. بابەتەکانیش سەرجەم بوارەکانی: کولتووری، جوگرافی، سیاسی، ئابووری، مێژووبی، کۆمەلایەتی، ئایینی، چەند بابەتێکی تری گشتیش کە پێوەندی بەژیانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەیە.



ئەم هەوڵەی من زێتر بۆ ئاگەداربوونی خوێنەر و خوێندکاری کورده لەو چاپکراوانە، چونکوو ئەو چاپکراوانەی لێرە ناویان هاتووە، چاپکراوەکانی سەدەی هەژدەتاکوو ڕۆژانی ئێستا لە ئەڵمانیا و وڵاتانی خۆرئاوا دەگرێتەوە، ئێمە هەوڵی ئەو نووسەرە کوردانەی لە یێکێک لە وڵاتانی ئەروپا نیشتەجێن و بەزمانی ئەو وڵاتە لەبارەی کوردەوە نووسیویانە بەرز دەنرخێنین، و بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەوانیش ئامازەیان بۆ کراوە، نووسەری وەکوو: کامەران بەدرخان، جەلادەت بەدرخان، د. عسمت شەریف وانلی، پ. د. جەمال نەبەز، د. کەمال فواد، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، د. نەجاتی عەبدوڵلا، نامۆ عزیز، ڕۆمانناووسی ئەڵمانی بەڕەچەڵەک کورد شێرکۆ فەتاح، د. زەردەشت حاج

چاپخانەی ڕۆشنبیری

۳۰۰۰ دینار

4337

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library